




فوئاد زەکەریا

وەرگێڕانی: کارزان غەفوور


# پیترۆ ئیسلام

کاتێک بەر لە چواردە سەدە ئیسلام دەرکەوت، لانکەی دەرکەوتنی ئەم ئایینە بەدەست هەژارییەکی ئەستۆشکێنەوە دەیناڵاند، سەرزەمینی پێغەمبەرانیش وشکەڵانێکی قاقڕ بوو، جگە لەمەش ڕەهەندگەلێکی زۆری ژیاننامەی پێغەمبەرانیش، وەک کتێبە پیرۆزەکان گێڕاویانەتەوە، باس لە بابەتگەلی پێوەندیدار بە سەختیی دەستکەوتنی خواردن و خواردنەوە و پاوان و جێ و ڕێی حەوانەوە دەکەن. کاتێکیش باوکی پێغەمبەران رایدەگەیەنێت: ((رَبَّنَا إِنِّي أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ)) واتە ((پەروەردگارا بەڕاستی من هەندێک لە وەچە و خێزانم لە دۆڵێکی وشکی بێ کشتوکاڵدا نیشتەجێ کردووە))، ئەوە هاوارەی وی، گوزارشتێکە لەو بارودۆخەی پێغەمبەران خۆیان تێدا دیوەتەوە، ئەو بارودۆخەی تێیدا کاریان بۆ گەیاندنی پەیامەکەی خۆیان کردووە.

حەجیش بەو وەسفەی یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئیسلام، لە ڕێی کۆکردنەوەی مسوڵمانانەوە، نەوە دوای نەوە، دەخوازێت هەستوسۆزە دینییەکان بەهێز بکات، و لە هەمان ئەو کەشە ڕۆحییەدا بیانهێڵێتەوە، کە خۆری بیروباوەڕەکەیانی تێدا هەڵاتووە، هاوکات دەخوازێت لە ڕێگەی گرێدانەوەیان بە هەمان سەنتەر، کە ئەویش مەککەیە، جەخت لە پێکەوەیی و بەستەرەکانی نێوانیان بکاتەوە. لێ بە دڵنیاییەوە کاریگەریی ئابووری لە دڵی ئەو بیروباوەڕە خۆیشیدا، ڕۆڵی بنەڕەتیی هەبووە، چونکە یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی حەجکردن، کەمکردنەوەی تاوی هەژاریی دانیشتوانی ئەو بیابانە قاقڕە، و ڕزگارکردنی خەڵکەکەی بوو لەو بەرکەناربوونەی تێیدابوون، ئەوکاتەی دوای ماوەیەکی کەم خاکەکەیان، هەموو ساڵێک دەبێتە جێژوانی مسوڵمانانی چوارقوڕنەی جیهان.

سەلمێنراویشە هەژاریی لە گرنگترینی هاندەرەکانی فراوانخوازیی مسوڵمانان بوو، لە خاکەکەیانەوە، لە نیوەدورگەی عەرەبییەوە، کە لەگەڵ خۆیاندا تەواوی بەهاکانی وەک دڵڕەقی و بێماڵی و بیابانشینیان هەڵگرتبوو، بەو پەرۆشییەوە، کە دینە نوێیەکە تێیاندا سەوزی کردبوو، هاتنە دەرەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەوترین و بەهێزترین ئیمپراتۆریەتە کۆنەکان، و بە هۆی زبریی و دڵڕەقی و پاکڕیشەیی بیروباوەڕەکەیانەوە توانییان تێکیشیان بشکێنن، و لە زەمەنێکی سەرنجڕاکێش بە هەموو پێوەرەکان، دەوڵەتێکی چوارچێوە فراوان پێکبهێنن، و ژیارێکی زیندووی گەشەسەندوو بونیاد بنێن. لێ ئەو هاوکێشەیەی لانکەی ئیسلامی بە هەژاری و بێماڵی و دڵڕەقییەوە دەبەستەوە، سەراوبن لە سەدەی بیستەمدا هەڵگەڕایەوە، هەڵگەڕانەوەکەشی بۆ ڕێککەوتێکی سروشتی دەگەڕێتەوە، کە وایکرد لانکەی ئیسلام کتوپڕ ببێتە زادگەی مەزنترین سامانی شاراوە لە هەناوی هەمان ئەو خاکە وشکەڵانە قاقڕەدا.

ئەو ڕێککەوتە سروشتییەش گۆڕا بۆ پارادۆکسێکی ژیاریی، ئەو خاکەی دینەکانی هەژاران تێیدا سەریهەڵداوە، دەبەستێتەوە بە زێڕێکی شاراوە لە هەناوی هەمان ئەو خاکەدا، کە بە شەپۆلی بێکۆتا

قوڵپ دەدات. ئەو پارادۆکسە ژیارییەش مانای گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە زۆر پرسدا دەگەیەنێت. پەترۆڵەکەی خۆرهەڵاتی ناوینیش، لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییە کۆنترۆڵکراوەکان لە لایەن حکومەتە ناوەندخواز (مەرکەزیی)ەکان دەربەکەوت، لە نموونەی حکومەتی هەزارساڵەی وەک میسر، هاوکات لە کۆمەڵگەی پڕ لە چالاکیی بازرگانیی پڕبزاوتی وەک سوریا و لوبنانیشدا نەبوو، لێ لە چەند کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی بیابان نشیندا دەرکەوت، کە خوونەریتە بۆماوەکان، و لەناویشیاندا ئیسلام، مۆنۆپۆڵێکی فراوانیان کردبوو، واتە لەو ناوچانەدا سەریهەڵدا، کە ئیسلامی کلاسیک تێیدا زۆرترین کاریگەریی هەیە.

لە بارودۆخێکی وەهادا، مرۆڤ دەتوانێت وێنای دوو ئەگەر بکات، یان سامانی پیترۆڵیی لە خزمەت ئیسلامدا بەکاربهێنرێت، یان ئیسلام بخرێتە خزمەت سامانی پیترۆڵییەوە. بە سروشتی حاڵیش واقیعی ئەورۆ بە شێوەیەکی بنەبڕ ئەوە دەسەلمێنێت، ئەگەری دووەم هاتووەتەدی، لە جێی ئەوەی پارێزگاری لە پاکڕیشەیی ئیسلام بکرێت، و ئەو سامانە بێشومارە نوێیە بخرێتە خزمەت پتەوکردنی کۆڵەکەکانی و فراوانکردن و بڵاوبوونەوەی و دەستەبەرکردنی ڕاپەڕینێکی گشتگیر بۆ جیهانی ئیسلامیی چوارچێوە فراوان، مێژووی هاوچەرخی عەرەبی ڕێک بە ئاڕاستەی پێچەوانەدا ڕێی کردووە. خەریکە سرووتەکانی جۆرێکی تایبەت لە ئیسلام تێیدا پێک دێن، کە پێم وایە باشترین ناوێک لەگەڵیدا بێتەوە ئەوەیە ناوی بنێین «پیترۆ-ئیسلام»، چونکە ئامانجی سەرەتا و کۆتایی بریتییە لە پاراستنی سامانی پیترۆڵی، یان دروستتر، پاراستنی جۆری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باڵادەستانەی لەو کۆمەڵگەیانەدا هەن، کە زۆرترین بڕی ئەو سامانەیان هەیە. وەک زانراویشە، ئەو پەیوەندییانە پرەنسیپی باڵادەستیی کەمینە بەسەر بەشی زۆری ئەو سامانەوە تێیدا بەربڵاوە.

ئەوەی لێی دڵنیاین ئەوەیە کە سامانی پیترۆڵیی عەرەبی، لە سایەی سیستەمێکی هۆشیار لە ڕووەکانی دابەشکردن و وەبەرهێنانیەوە، لەتوانایدایە چوارچێوەی کۆمەڵگە تایبەتەکانی تێپەڕێنێت و بەرەو تەواوی دەوڵەتە عەرەبییەکانی تر، و بگرە زۆربەی دەوڵەتە ئیسلامییە ناپێترۆڵییەکان درێژببێتەوە، لێ ئەوەی تا ئێستە هەیە، لە سایەی ئەو بارودۆخەدا، تەنانەت لە ناو خودی کۆمەڵگەکان خۆشیدا، نەیتوانیوە چارەسەری درێژمەودا بدۆزێتەوە، و هێشتەیش لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگەیانەدا، زیادە مافێکە (ئیمتیازێکە) بۆ کەمینە لەسەر حسابی زۆرینە، و بۆ نەوەکانی ئێستە لەسەر حسابی نەوەکانی داهاتوو.

لە پێناو هێشتنەوەی ئەو بارۆدۆخە ستەمکارانەیەشدا، ئاسانترین کارێک بریتی بووە لە قۆستنەوەی هەستوسۆزی دینی لای جەماوەر، لە پێناو بڵاوکردنەوەی جۆرێک لە ئیسلامدا، کە بە درێژایی مێژووی میللەتی ئیسلامی هاوتای نەبووە، ئەویش ئیسلامی حیجاب و ڕیش و عەبای کورت، و وازهێنان لە کارەکان لە کاتی نوێژدا، و حەرامکردنی

لێخوڕینی ئوتومبێلە لە لایەن ژنانەوە. لەو جۆرە ئیسلامەدا، کۆششەکان بۆ ڕێگریکردن لە تێکەڵیی نێوان ژنان و پیاوان چڕ دەکرێنەوە، حەرامکردن و ترسە سێکسییەکان ڕۆڵێکی زیاتر لە گرنگیی خۆیان لە ژیاندا وازی دەکەن، وای لێ دێت ئەداکردنی سرووتە دینییەکان لە خۆیدا دەبێتە ئامانج، بە بێ ڕەچاوکردنی ئەو ناوەڕۆکە ڕەفتاری وئیتیکی و کۆمەڵایەتییانەی لە پشتییەوە شاراونەتەوە. بە کورتی ئەم ئیسلامە پەترۆلاوییە، هەڵدەستێت بە پرۆسەیەکی جیاکردنەوەی تەواوەتیی دین لە ژیانی کردەیی خەڵک، هاوکات جیاکردنەوەی ئیمان لە گرفتەکانی تاک یان کۆمەڵگە.

باشە، دەرکەوتنی ئەم ئیسلامە لە خاکی پەترۆڵدا بە دیاریکراوی، و بڵاوبوونەوەی لەوێوە بە تەواوی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا، تەنها ڕێکەوتێکە و هیچی تر؟ ئاخۆ ئەوە تەنها ڕووخساری دواکەوتنێکی فیکرییە و تەواو، یان فاکتەری دیکەی زۆر شاراوە و کاریگەری بەهێز لەگۆڕێدان؟ بە وردیی، ڕۆڵی پەترۆڵ لە دەرکەوتنی ئەو فۆڕمە لە ئیسلام چییە؟ پەترۆڵ، وەک دەزانین، دیاردەیەکە دوو لایەنی هەیە: ئەو دەوڵەتانەی پەترۆڵ بەرهەم دێنن (ئەمەش گوزارشتێکی باوە، ئەگەرچی ڕێک گوزارشت لە واقیعی حاڵ ناکات، چونکە زۆربەی ئەو دەوڵەتانە لە جیهانی ئیسلامیدا هیچ بەرهەم ناهێنن، بەڵکو پەترۆڵیان بۆ بەرهەم دەهێنرێت، بۆیە گوزارشتی وردتر ئەوەیە بگوترێت: ئەو دەوڵەتانەی لە خاکەکەیاندا پەترۆڵ بەرهەم دێت)، لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی پەترۆڵ بەکاردەبەن. من پێم وایە هەردوو ئەو لایەنانە، سوود لە بڵاوبوونەوەی وەها جۆرێکی ئیسلام دەبینن، ئەو دەوڵەتانەی پەترۆڵ لە خاکەکەیاندا بەرهەم دێت، لە زۆربەیاندا جۆرە سیستەمێکی فەرمانڕەوایی بەربڵاوە، تا ئەوپەڕی سوود لە قاڵبدانی ئیسلام لەو فۆڕمەلەدا دەبینێت، تا گرفتەیلی وەک هەژاری و خراپ دابەشکردنی سامان و جۆری بەکاربەریی بۆ ئابووری، و بڵاوەپێکردنی دواهەمین هەلی ڕاپەڕینی گشتگیر لە کۆمەڵگە پەترۆڵییەکاندا لە بیری خەڵک بەرێتەوە. دەوڵەتە بەکاربەرەکانی پەترۆڵیش لەوە دڵنیان،

**یەکێك لە گرنگترین ئامانجەکانی حەجکردن، کەمکردنەوەی تاوی هەژاریی دانیشتوانی ئەو بیابانە قاقرە، و ڕزگارکردنی خەڵکەکەی بوو لەو بەرکەناربوونەی تێیدابوون، ئەوکاتەی دوای ماوەیەکی کەم خاکەکەیان، هەموو ساڵێك دەبێتە جێژوانی مسوڵمانانی چوارقوڕنەی جیهان**

هەڵقولآنـی ئـەو مـادە زینـدووە، گرەنتـی کـراوە. ئەگـەر عەقڵـی خەڵـک لـە دەوڵەتـە پێترۆڵییەکانـدا، لـە بابەتـە شـکڵییەکاندا سـەرگەردان بکرێـت، و نوقمـی تێکسـتگەلی فەقێکانـی سـەردەمانی بەسـەرچوو و ڕاڤـەکار و شـیکەرەوەکانی بێـت. ئایـا دەوڵەتێکـی وەک ئەمریـکا خـەون بـە دۆخێکـی باشـترەوە دەبینێـت، بـۆ نەوەکانـی داهاتـووی ئـەو ڕۆڵانـەی دەوڵەتـە خـاوەن پێترۆڵـەکان، کـە ئێسـتا لـە ترسـی بەردەوامیـان لـە ئەشـکەنجەی نـاو گـۆڕ و ئـەو مـار و ئەژدیهاگەلـەدا دەژیـن، هـەر کەسـێک بوێرێـت پرسـیار بـکات یـان ڕەخنـە بگـرێ یـان لـە بەهـا و بارودۆخـە بـاوەکان یاخـی ببێـت، قووتـی دەدەن. ئایا ڕۆژئـاوا و لەگەڵیشـیدا ئیسـڕائیل، خـەون بـە دۆخێکـی باشـترەوە دەبینـن، لـەوەی گرنگتریـن ئەندامانـی زۆرینـەی گرووپـە ئیسـلامییە کارا و چالاکـەکان جەختـی لـێ دەکەنـەوە، ئەویـش ئەوەیـە: گرفتـی قـودس و ململانـێ لەگـەڵ ئیسـڕائیلدا دواخـراوە بـۆ ئـەو سـەردەمەی دەوڵەتـی ئیسـلامیی پێـک دێـت (ئەمـەش بـە کردەیـی لـە کۆنووسـەکانی لێکۆڵینـەوە لەگـەڵ گرووپەکـەی ئیسـلامبوولیدا هاتـووە)، ئایـا هـەردوو ئـەو لایەنـە، لـە بەرهەمهێنـەران و بەکاربـەران، خـەون بـە بارودۆخێکـی باشـترەوە دەبینـن لـەوەی ئێسـتە هەیـە و تێیـدا کۆنترۆڵـی نـەوەی نوێیـان کـردووە، ئـەو نەوەیـەی تـا ئێسـتا یـەک وشـەی ڕەخنـە چییـە بەرامبـەر خـراپ دابەشـکردنی سـامانی پەترۆڵـی و شـێتیی بەکاربەریـی لـەو وڵاتانـەدا، لـە دەمیانـەوە نەهاتـووە دەرەوە؟

ئـەوەی پەیوەندیـی ئاشـکرا هەیـە لەنێـوان پیـترۆ-ئیسـلام و بەرژەوەندیـی ئـەو دەوڵەتانـەی لـە جیهانـی عەرەب-ئیسـلامیدا پەتـرۆڵ بەکاردەبـەن، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بـە تایبـەت ئەگـەر بزانیـن باوەشـکردنەوەی کۆمەڵگـە ئیسـلامییە پەترۆڵییـەکان بـە ڕووی کڕینـی کاڵای دەوڵەتانـی پیشەسـازیدا ڕۆژ دوای ڕۆژ لـە زیادبووندایـە.

ئەڵقەکانـی پلانگێڕییـش بـەم شـێوەیە یەکـتری تـەواو دەکـەن، پیترۆ-ئیسـلام ئـاوەزی ئـەو گەلانـەی باوەڕیـان پێیەتـی لـە گرفتـە دەرەکـی و ناوخۆییەکانـی کۆمەڵگەکانـی دوور دەخاتـەوە، لـێ هیـچ زیانێکـی بـۆ بەرژەوەندییـە نەوتییەکانـی دەوڵەتـە مەزنـە سـەرمایەدارییەکان نەبـووە، ئـەو ئیسـلامە بانگـەوازی خەڵـک دەکات بـۆ دەسـتگرتنەوە لـە ژیانـی جیهانی چێژ، و پلاندانـان بـۆ ئـەو داهاتـووەی دوای مـردن چاوەڕێیانـە، هـاوکات زیـان بـە مەیلـە بەکاربەرییەکانـی خۆشـیان ناگەیەنێـت، کـە تا ڕاددەی بێسەروبەرەیی درێژبووەتەوە، ئەمـەش بێشـک بەشـدارە لـە بەڕێوەبردنـی پێچکـەی بەرهەمهێنانـی ئابـووری لـە وڵاتانـی «خاچپەرسـت»دا، وەک ئامۆژگاریکەرانـی ئـەو جـۆرە ئیسـلامە ناویـان نـاون، هـاوکات پیترۆ-ئیسـلام هیـچ دژیەکییـەک نابینێتـەوە لەنێـوان بانگەوازکـردن بـۆ گشـتگیریی سرووتـەکان و بڵاوکردنـەوەی بەسـەر تـەواوی ئاسـتەکاندا، لەگـەڵ تایبەتمەندێتیـی سـامان و دەسـەڵات و تاکـڕەوی لـە بڕیاردانـی سیاسـییدا. بـە کورتـی، ئـەو ئیسـلامێکە لـە پێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەندییـە پەترۆڵییەکانـی کەمینـەی دەسـەڵاتدار و هاوپەیمانەکانـی لـە دەوڵەتـە بیانییـە قۆرخکارەکانـدا بەکارهێـنراوە.

لە بەرامبەر هەموو ئەوانەدا، ئێمە دەتوانین وێنای فۆرمێکی دیکەی ئیسلام بکەین، کە خستنەگەڕی سامانی پەترۆڵیی لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو پرەنسیپانەدا خستووەتە سەر شانی خۆی، کە گوزارشت لە باڵاترین پرسەکانی ناو بیروباوەڕی ئیسلامی دەکەن، وەک دادپەروەری و یەکسانی و هاوبەشی. ئەم فۆرمەی ئیسلام گژبەرێکە بۆ عەقڵ و ئەندێشەی مسوڵمانانی هاوچەرخ، چونکە ئێستا ئەوان ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی نوێ دەبنەوە، کە پێشتر دەستوپەنجەیان لەگەڵ نەرم نەکردووە، وێستگەیەک تێیدا بیروباوەڕ و سامان پێکەوە کۆدەبنەوە، بە جۆرێک گژبەری سەرەکیی ئەوان بریتی دەبێت لەوەی: چۆن سوود لەو سامانە وەربگرن، لە پێناو پارێزگاریکردن لە پاکڕیشەیی بیروباوەڕ و دروستکردنی وەرچەرخانێکی یەکلاکەرەوە لە ژیانی خەڵکدا بەرەو باشتر.

لێ ئەو وێناکردنە، لە کاتی ئێستاماندا، لە چوارچێوەی خەونەکان دەرناچێت، هەرچی واقیعە ئەوەمان پێ دەڵێت، کە گەورەترین ئاستەنگ لە ڕێی ڕاپەڕینی ڕاستەقینەی ئەو گەلانەی خاوەنی گرنگترین سامانەکانی جیهانن، بریتییە لە پیترۆ-ئیسلام. ئەگەر هەموو ڕۆژێک گوێمان لە واعیز و بانگخوازەکان بوو، لە پیلانگێڕیی ڕۆژئاوای گاور بەسەر ئیسلامەوە ئاگاداریان دەکردینەوە، پێیان بڵێ: **هیچ شتێک لای ئەو ڕۆژئاوا کاپیتاڵیست و هەڵقۆزەرەوەیە بەرلەوەی گاور بێت، هێندەی بڵاوبوونەوەی ئەم پیترۆ-ئیسلامە خۆشەویست نییە، ئاوات بەوە دەخوازن ببێتە بیروباوەڕی هەموو جیهانی ئیسلامی، هیچ شتێکیش لای ئەو ڕۆژئاوایە، لەو ڕۆژە بێزراوتر نییە کە تێیدا ئەو جیهانە لە پیترۆ-ئیسلام یاخی دەبێت و ئەو سامانە بێشومارە بەکاردەهێنێت وەک ئامرازێک بۆ خۆشگوزەرانکردنی ژیانی و بەدەستهێنانی برێکی زیاتری پاکڕیشەیی بیروباوەڕەکەی.**

**سەرچاوە:**

کتێبی (الحقيقة و الوهم في الحركة الإسلامية المعاصرة)، فوئاد زەکەریا، چاپی دەزگای هینداوی، 2017. لا 19-23.